سودانی: حکومەت بەردەوامە لە ڕێوشوێنەکانی چەسپاندنی مافە مەدەنییەکانی هەموو مەزهەبەکان

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەممە دووپاتیکردەوە کە حکومەت بەردەوامە بە هەموو ڕێوشوێن و هەنگاوەکان بۆ چەسپاندنی مافە مەدەنییەکانی هەموو مەزهەبەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە راگەیندراوێکدا کەدەستی موتەڵیع کەوتووە تێیدا هاتووە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ سێشەممە، پێشوازی کرد لە سەرۆکی ئایینی سابیئەی مەندائی لە عێراق و جیهان شێخ سەتار جەبار حلو".

لەو راگەیندراوەیکەیدا ئاماژە بەوە درا کە، " لە دیدارێکدا بارودۆخی هاووڵاتیان کە پەیڕەوی ئایینی سابیئەی مەندائی دەکەن لە عێراق و جیهان خرایەڕوو، هەروەها تیشک خرایە سەر ئەو کارانەی کە حکومەت کاری لەسەر کردووە بۆ پاڵپشتیکردنی فرەچەشنی و پتەوکردنی پێکەوەژیانی بنیاتنەر لە نێوان ڕۆڵەکانی یەک نیشتیماندا"،هەروەها سەرۆك وەزیران "جەختی لەوە کردەوە کە بوونی سابیئەی مەندائی لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا درێژەپێدەری قووڵی میراتی مێژوویی و کولتووری کۆنی میزۆپۆتامیایە".

بەگوێرەی راگەیندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە سودانی ئەوەشی نوێ کردەوە کە "حکومەت بەردەوامە لە ڕێوشوێن و هەنگاوەکانی چەسپاندنی مافە مەدەنییەکانی هەموو پێکهاتە برایەتییەکان و ئازادییان بۆ پراکتیزەکردنی ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی وتاری دووبەرەکی و هەموو ئەوانەی کە زیان بە یەکڕیزی نیشتیمانی دەگەیەنێت، هەروەک چۆن پاڵپشتی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەکات، کە یەکگرتوویی پەیکەری کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری عێراق بەهێزتر دەکەن".